# "بەشی دووەم"

## ڕوونکردنەوەی هەندێك حوکم تايبەت بە ڕازاندنەوەی لاشەی ئافرەتان:

١- پێویستە لەسەر ئافرەت کە ئەو کارانە جێبەجێ بکات کەلەفیطرەتەوەیە.وەکو نینۆك کورتکردنەوە، چونکە نینۆك کردن سوننەتە بە إجماعی زانایان یەکێك لەو بەڵگانە ئەو فەرموودە صەحیحەیە کە ئیمامی موسلیم و غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردووە کە دەفەرموێت : (١٠) کار لە فیطرەتەوەیە یەکێك لەوانە نینۆك کردنە جا لە کردنی نینۆك دا خاوێنی و ڕێك و پێکی هەیە. وە لە هێشتنەوەیدا بە درێژی تێکدان هەیە .

وە خۆشوبهاندنە بە گیانداری دڕندە . وە هۆیە بۆ مانەوەی پیسی لە ژێریدا وە ڕێگریشە بۆ نەگەیشتنی ئاو بۆ ژێری . بۆیە ئەبینین هەندێ لە ئافرەتانی موسڵمان نینۆکیان درێژ دەکەن کە ئەمەش چاولێکەرییەکە بۆ ئافرەتانی بێ باوەڕ و بێگانە.

نەزانین و دوور کەوتنەوەشیانە لە سوننەت . جێی خۆشیەتی کە بڵێین بە داخەوە کە لەوە خراپتریش هەندێك لە کوڕان ئەوانیش ئەم کارە ئەکەن (فلا حول ولا قوة إلا بالله) هەروەها سوننەتە ئافرەت کە مووی (بن باڵی و فەرجی) لابەرێت هەروەها ئەمەش بە هەمان فەرموودەیەی سەرەوە سوننەتە وبەڵگەیە بۆی . چونکە جوانیەکی تايبەت ئەدات بە لەشی ئافرەت لە ڕوکاری ناوەوە. وە چاکتر وایە ئەم کارانە هەموو هەفتەیەك ئەنجام بدرێت ئەگەر نا لە چل ڕۆژ زیاتر نەخایەنێت کە ئەو کاتە لە لایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) دانراوە لە فەرموودەی صەحیح دا .

ئنجا با بزانین چی داوا ئەکرێت لە ئافرەت بۆ قژی سەری و باریك کردنەوەی برۆی و چی لێ قەدەغەدەکرێت وە حوکمی بۆیە کردنی پەنجە و بۆیەکردنی قژی چیە ؟ :-

أ- داوادەکرێت لە ئافرەتی باوەڕدار کە قژی درێژبکات و حەرامە لەسەری کە قژی بتاشێت مەگەر زۆر زەروربێت. وەلەسەر ئەم بابەتە شێخ محمد بن ابراهیم آل شیخ مفتی وڵاتی سعودیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: بە نیسبەت قژی ئافرەتانەوە تاشینی جائیزنیە، بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە (النسائی) ڕیوایەتی کردووە لە سوننەتەکەیدا بە ریوایەتی ئیمامی علی(رضي الله عنه) وە بەڕیوایەتی بەزاز و لە ئیمامی عثمان(رضي الله عنه) کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەهی کردوە لە قژ تاشینی ئافرەتان . وەکو دەفەرموێت (نهی رسول الله (ﷺ) أن تحلق المرأة رأسها)[1] وە هەموو نەهیەکیش لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هاتبێت بە حەرامێتیە مەگەر بەڵگەیەکی تر هەبێت ئەم حەرامێتیە کەم بکاتەوە ، وە مەلا علی قاری لە (المرقاة شرح المشکاة) لە شەرحی ئەو نەهیەدا دەفەرموێت: یەکێك لە هۆکارەکانی نەهیەکە ئەوەیە کە پەلکەی قژ بۆ ئافرەتان وە کو ڕیش وایە بۆ پیاوان لە جوانی و هەیبەتیدا[2]...

بەڵام کورت کردنەوەی قژی ئەگەر بۆ جوانی نە بوو بۆ نمونە بۆی خزمەت نەئەکرا یان زۆر درێژبوو نارەحەت ئەبوو بە دەستیەوە. ئەوا هیچی تیا نیە ئەگەر کورتی بکاتەوە بەپێی پێویست هەر چۆن خێزانانی پێغەمبەر(ﷺ) ئاوایان ئەکرد لە دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چونکە وازیان لە خۆڕازاندەوە هێنابوو لە دوای وەفاتی و پێویستیان بەو قژ درێژکردنەوەیە نەبوو. بەڵام ئەگەر کورت کردنەوەکە بۆ چاولێکەری هاوبەش پەیداکەرەکان و گاور و جولەکە بوو، یان هاوشێوەبوون بە پیاوان بوو ئەوا حەرامە بەبێ گومان لەبەر ئەو نەهیە گشتیە کە

---

[1] الترمذي (٩١٤) ، النسائي (١٣٠/٨) .

[2] مجموع فتاوى الشيخ محمد بن ابراهيم (٤٩/٢).

هاوشێوەبوونە بە گاور و جولەکە و ئەو نەهی‌یەی کە حەرامە ئافرت خۆی وەك پیاو لێبکات هەروەها ئەگەر بۆ جوان کردن بوو ئەوی ئاشکرابێت تیایدا ئەوەیە کە گونجاو نی‌یە.

هەروەها شێخ محمد الامین الشنقیطی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (أضواء البیان)دا دەفەرموێت ئەو عورفەی کە ئیستا بەردەوامە لە زۆربەی وڵاتەکانداکە ئەویش قژبڕینی ئافرەتانە تا نزیك نەرمایی گوێچکەکانیان پیشەی ئافرەتە (إفرنجی‌یەکان)بووە بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئافرەتانی موسڵمانی لەسەر بووە لە ئیسلامدا کە ئەمەش یەکێکی ترە لەو هەموو لادانانەی کە زۆربەی خەڵکی گرتۆتەوە لە ڕەوشت و داب و نەریت و زۆر شتی تریشدا . وە جوابی ئەوەشی داوەتەوە کە ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت: خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە قژیان ئەگرت تاوەکوو (الوفرە)[٣]ی لێ ئەهات دەفەرموێت : کە ئەوان قژیان کورت ئەکردەوە لەدوای وەفاتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چونکە ئەوان خۆ جوان کردنیان لە کاتی ژیانی ئەودا بوو وە یەکێك لەهەرە شتە جوانەکانیشیان قژیان بوو کە بۆ هەموو ئافرەتێکیش هەروایە . بەڵام داوی مردنی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوان حوکمیی شەرعی تایبەتیان هەبوو کە هیچ ئافرەتێکی تری سەر زەوی ئەو حوکمەی نی‌یە. ئەویش بێ هیوایەکی یەکجاریان هەبوو لە شوکردنێکی تر دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چونکە ئیتر بۆ کەس نەبوو نیکاحیان بکات هەتا مردن وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ...... وما كَانَ لَكُم أَن تؤذُوا رسولَ اللهِ ولَا أَن تنكِحوا أَزواجه مِن بعدِهِ أَبداً إِن ذَلِكُم كَانَ عِند اللهِ عظِيماً﴾ {سورة الأحزاب:٥٣} .

وە بێ هیوابوونیش لە شوو کردن بەیەکجار بۆی هەیە ببێتەهۆیەك کە ڕێ بدرێت بە لابردنی هەندێ بابەتی جوانکاری ئافرەت کە حەڵاڵ نی‌یە جگە لەم هۆیە نەبێت . بۆیە پێویستە لەسەر ئافرەت کە پارێزگاری لە قژی خۆی بکات وە خزمەتی بکات وە ئەتوانێت بیکات بە دوو پەلك بەڵام جائیز نی‌یە لەسەر سەری کۆی بکاتەوە یان بەلایەکی شانیدا بەری داتەوە ، وە شیخ الإسلام إبن تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (مجموع الفتاوی) بەرگی (٢٢) لاپەڕە (١٤)دا دەفەرموێت: کردنی قژ بەیەك پەلکەو بەردانەوەی بە نێو هەردووشاندا جائیز نی‌یە و پیشەی بەدڕەوشتەکانە، هەروەها شێخ محمد بن ابراهیم مفتی وڵاتی سعودیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئەو کردەوەیەی کە هەندێك لە ئافرەتانی موسڵمان دەیکەن لەم سەردەمەدا بەوەی کە قژیان کۆدەکەنەوە بەلای شانیاندا بەری دەدەنەوە وە یان لەسەر سەریان کۆی دەکەنەوە هەروەك چۆن ئافرەتانی (إفرنج) دەیکەن ئەوە کارێکی ناشەرعی‌یە چونکە خۆشوبهاندنە بە ئافرەتە بێ باوەڕەکانەوە. هەر وەك چۆن پێغەمبەری خواش(ﷺ) لە فەرموودەیەکی درێژدا کە ئەبو هورەیرە (رضي الله عنه) بۆمان دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێت : (( صنفان من اهل النار لم أرهما : قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس ، و نساء كاسيات عاريات ، مائلات مُميلات ، رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة ، لا يدخلن الجنة ، و لا يجدن ريحها ، و إن ريحها ليوجد من مسيرة كذا و كذا))[٤]. هەندێ لە زانا بەڕێزەکان تەفسیری ووشەی (مائلات مميلات) بەوە تەفسیردەکەن کە (جۆری قژی بەد ڕەوشتەکان)ە وە غەیری ئەوانیش ئەم قژ ڕێك خستنە ئەکەن وە ئافرەتانی (إفرنج)یش ئەم جۆرە دەکەن وە ئەو ئافرەتە موسڵمانانەش کە چاو لەوان ئەکەن. وە هەر چۆن ئافرەتی موسڵمان قژتاشینی لێ قەدەغەدەکرێت هەروەها کورتکردنەوەشی بە بێ عوزری شەرعی کەلەوەو پێش باسمان کردهەر بەو جۆرەش گەیاندنی قژی زیاد بە قژی خۆیەوە لەسەر حەرام کراوە

[٣] (الوفرة) قژدرێژی .

[٤] مسلم (٢١٢٨) و (٥٢) وأحمد (٢٢٣،٣٥٦/٢) عن أبي هريرة .

هەر وەك لە صەحیحی بوخاری و موسلیم دا هاتووە کە دەفەرموێت: ((لعن رسول الله (ﷺ) الواصلة و المستوصلة)[٥]
.

**الواصله:** ئەوەیە کە قژی زیادە ئەدات لە قژی خۆی ، المستوصله: ئەوەیە کە ئەو کارەی بۆ ئەنجام ئەدات. وە ئەو کارە خۆی بۆ خۆی تەزویر کاریيە لەوئینسانەدا وە لەو حەرامانەش ئەو قژە دەست کردانەیە کە لەسەر دەکرێت لەم سەردەمەدا. هەروەها بوخاری و موسلیم و غەیری ئەوانیش ڕیوایەتتی ئەم فەرموودەیەیان کردووە کە معاویە (رضي الله عنه) لە کاتێکدا چووە ناو مەدینە چەپکە قژێکی دەرهێناوە و فەرموی ئەوە چی‌یە ئافرەتانتان دەیکەن لەوەی لەم قژە ئەنێن بەسەریانەوە وە فەرموی لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستوە کە دەیفەرموو (هیچ ئافرەتێك نی‌یە کە قژی زیادە بنێت بەقژی خۆیەوە ئیلا ئەوە تەزویرە) وە تەزویرکردنیش ئاشکرایە کە حەرامە.

ب– هەروەها حەرامە لەسەر ئافرەتانی موسڵمان کە دەستکاری برۆیان بکەن و لێ‌ی کەم بکەنەوە ئیتر بە هەر جۆرێك بێت بەکورت کردنەوە یان تاشین یان هەڵکەندن بێت یان بەهۆی ماددەی لابردنی مووەوە بێت ، چونکە ئەوە ئەو (النمص)ەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەفرەتی لێ کردوە هەروەك دەفەرموێت: (لعن النبي(ﷺ) النامصة و المتنمصة)[٦] النامصه: ئەوەیە کە هەندێك مووی برۆی لائەبات بۆ جوانی بە گومانی خۆی . المتنمصه: ئەوەیە کە ئەو کارەی بۆ ئەنجام ئەدات. وە ئەمەش دەستکاری کردنی دروستکراوی خوای گەورەیە کە شەیطان بەڵێنی داوە کە فەرمان بکات بەسەر إنسانەکاندا هەر وەکو خوای گەورە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: [...... ولآمرنهم فَلَيغيرن خلْق اللّهِ ..... ﴾{سورة النساء:١١٩} واتە : شەیتان دەڵێت من فەرمانیان پێ دەکەم بۆ ئەوەی دستکردی خوا بگۆڕن .

هەروەها لە فەرموودەیەکی صەحیح‌دا لە إبن مسعودەوە(رضي الله عنه) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((لعن الله الواشمات و المستوشمات و النامصات و المتنمصات و المتفلجات للحسن، المغيرات خلق الله عز وجل))[٧] (صحيح مسلم) واتە : خوای گەروە نەفرەتی کردووە لەوانەی کە خاڵ دەکوتن و ئەوانەی بۆیان دەکوتن و ئەوانەی کە برۆ باریك دەکەنەوە و ئەوانەی بۆیان باریك دەکەنەوە و ئەوانەی کە دان شاش دەکەن و دەستکاری کاری خوای گەورە دەکەن . دوای ئەوە فەرموی ئایا نەفرەت نەکەم لەوەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەفرەتی لێ کردوە، کە ئەوەش خوای گەورە فەرمانی داوە واتا ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿...... وما آتاكُم الرسولُ فَخذُوه وما نهاكُم عنه فَانتهوا..... ﴾ {سورة الحشر:٧} . وەبەداخەوە ئەم تاوانە گەورەیە کە لە گەورەی تاوانەکانە واتا (کبائر)ە زۆر لە ئافرەتانی گرتۆتەوە ، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە هەڵگرتنی برۆو دەم و چاو بەکارێکی زەروری ئەزانن و لایان شتێکی سادە و ڕۆژانەیە. کە ئەم کارەش ئەگەر مێردەکەشی فەرمانی پێ بکات نابێت ئەنجامی بدات چونکە تاوانی گەورەیە .

ج– یەکێك لەو کارە حەرامانەش کە ئافرەتان ئەنجامی ئەدەن شاش کردنی دانەکانی‌یەتی بەمەبەستی جوان کردن ئەویش بەوەی کرانێك ئەیکرێنن بۆشایی‌یەکی کەم ئەخەنە بەینی دانەکانیانەوە کە ئەم کارەش کارێکی حەرامە. بەڵام ئەگەر دانەکانی ناشرینی‌یەك یان خواروخێچی‌یەکی تیادابوو وە پێویستی بە ڕێك کردنەوە هەبوو بۆ

---

[٥] رواه البخاري (١٩-٣٧٨) في اللباس ومسلم (٢١٢٤) في اللباس .

[٦] صحيح مسلم (٨٣٧/٤) .

[٧] البخاري (٥٩٣٩) ، مسلم (٢١٢٥) ، أبو داود (٤١٦٩) .

ئەوەی چارەسەری بکرێت یان کلسی هەبوو و ویسترا لایبەرێت ئەوە هیچ ڕێگرێکی شەرعی نی‌یە چونکە مەبەست تیایدا چارەسەرە.

د- وە بەهەمان شێوە حەرامە لەسەر ئافرەتان کە کاری خاڵ کوتان لە لاشەی‌دا بکات. چونکە پێغەمبەری‌خوا(ﷺ) نەفرەتی کردوە لەو کەسەی کە خاڵ دەکوتێت وەئەو کەسەی کە کارەکەی بۆ ئەنجام ئەدات وەکو لە فەرموودەکەی پێشوودا هاتبوو ، وە ئەم کارەش یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، چونکە نەفرەت لە شەرعدا تەنها بۆ تاوانە گەورەکانە.

هـ- با بزانین حوکمی شەرعی بۆ ڕەنگ کردن بە (خەنە)و بۆیە کردنی قژ و خۆڕازاندنەوە بە ئاڵتون چی‌یە؟ ئیمامی نەوەوی لە (المجموع) بەرگی (١) لاپەڕە (٣٢٤)دا دەفەرموێت: ڕەنگ کرنی دەست و قاچ بە (خەنە) موستەحەبە بۆ ئافرەتی شوو کردوو لەبەر ئەوەی چەندەها بەڵگە هەیە لەسەری و صحیحین ، بەڵام ئەم بۆیە کردنە نابێت بە مادەیەك بێت کە وشك بێتەوە و ڕێگربێت لە پاك و خاوێنی و تەڕبووندا .

٢- بەڵام بۆیە کردنی قژ ئەگەر ئافرەت چووبووە تەمەنەوە ئەوا ئەتوانێت ڕەنگی بکات بەڵام خۆی بپارێزێت لە ڕەنگی ڕەش لەبەر ئەو قەدەغەکردنە گشتی‌یە کە بۆ ڕەنگی ڕەش هەیە هەروەك چۆن ئیمامی نەوەوی لە (ریاض الصالحین) دا لاپەڕە(٢٦٢) لە بەشی قەدەغەکردنی پیاو و ئافرەت لە ڕەنگ کردنی قژیاندا بە ڕەش ، وە لە مجموع (٣٢٤/١) دەفەرموێت هیچ جیاوازیەك نی‌یە لە حەرامی‌یەتی ڕەنگ کردنی ڕەش لە نێوان پیاو و ئافرەتدا وە ئەوەش مەزهەبمانە...بەڵام بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش بۆ قژی ڕەش بۆئەوەی ڕەنگەڕەشەکە بگۆڕێت بە ڕەنگێکی تر. (د. صالح بن فوزان الفوزان) دەفەرموێت ئەوەی من تیایدا ئەبینم کە دروست نی‌یە . چونکە هیچ پێویستییەك بەوە ناکات لەبەر ئەوەی بەنیسبەت قژەوە جوانترین ڕەنگ ڕەنگی ڕەشە وە هیچ ناشیرینیەکی تێدا نی‌یە تا پێویست بەگۆڕین بکات . وە لەم گۆڕینەشدا چاولێکەری تێدایە بۆ ئافرەتە بێباوەڕەکان .

٣- وەیەکێك لەو تایبەتمەندیانەی پەیوەست بە ئافرەتەوە خۆڕازاندنەوەیەتی بەئاڵتون و بۆی حەڵاڵە وە ئەمەش کۆدەنگی زانایانی لەسەرە. بەڵام بەمەرج گیراوەکە ئاڵتونەکانی بۆ پیاوی (نا مەحرەم) دەرنەخات بەڵکو داپۆشراوبێت بەتایبەتی لە کاتی دەرچونی لە ماڵ چونکە ئەکەوێتە بەربینینی پیاوان بۆی. وە ئەمەش فیتنەیە بۆ ئافرەت. لەکاتێکدا لەشەرعدا حەرام کراوە کەلەژێر پۆشاکێکدا پیاوان گوێیان لە خرخاڵی پیێی ئافرەتان بێت ئەوە زۆر لە پێشتر ئەبێت کە نابێت بە ئاشکرا ئاڵتوونی ئافرەتان ببینرێت . وەکو خوای گەورە دەفەرموێت (و لا يضربن بارجلهن ليعلم ما يخيفهن من زينتهن)(النور :٣١) واتە پێیان نەدەن بە زەویدا بەمەبەستی ئەوەی کە بزانن خرخاڵیان لە پێدایە .

**مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org